سەرۆک وەزیرانی عێراق و وەزیری دەرەوەی ئێران دەخی سووریا تاوتوێ دەکەن

مەحەممەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق پێشوازی لە عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران دەکات.

بەپێی ڕاگەیاندراوێکی نوسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، پێیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و ئێران تاوتوێکران و تاوتوێی پێشکەوتنی هاوکاریەکانی ناوچەکە بەتایبەتی ئەو هاوکارانەی لە سووریادا هاوبەشدات و سەرۆکوەزیرانی عێراق جەختی لەوە کردەوە کە هەڵوێستی فەرمی و پتەوی عێراق لەگەڵ یەکگیزی و ئاسایش و سەقامگیریی سووریایە و جەختیشی لەسەر گرنگی ڕێزگرتن لە سەروەری خاکی سووریا کردووە.

لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران نیوەڕۆی ئەمڕۆ هەینی 6ـی کانوونی یەکەم، سەرۆکوەزیرانی عێراق جەختی لەسەر بەردەوامی هاوکاری دیپلۆماسییەکانی عێراق کردەوە بۆ کۆتایهێنان بە قەیرانەکەی ئێستای سووریا بەهۆی کاریگەری ئاشکرای لەسەر ئاسایشی عێراق و ئاماژەی بەوەدا کە ئەوەی لە سوریا هاوبەشدات جیانکراوەیە لەو هاوکارانەی کەرتی غەزە و لوبنان کە هەڕەشەیان لە ئاسایشی ناوچەکە کردووە و ناسەقامگیریان کردووە.